بارزانی سەرپەرشتیی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە هەوڵەکانی دابینکردنی موچەی مووچەخۆرانی هەرێم دەکات

ئەمڕۆ یەکشەممە،بە سەرپەرشتیی "مەسرور بارزانی"سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئامادەبوونی "قوباد تالەبانی" جێگری سەرۆکی حکومەت،کۆبوونەوەیەکی تایبەت بەردەچوو، سەبارەت بە دوایین هەوڵ و دەرئەنجامەکانی گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، تایبەت بە مووچە و شایستە داراییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان و هەرچی زوو دەستپێکردنەوەی هێناردەی نەوتی هەرێم.

ڕۆنوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، لە ڕاگەیەندراوەکدا، بڵاویکردەوە : لە کۆبوونەوەکەدا،جەخت لە چەکردنەوەی هەموو هەوڵەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ کرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە و لەمبارەیەوە کەدەنگی و هاوهەڵوێستی هەیە بۆ دەستبەرکردنی مووچە و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان، کە مافێکی یاسایی و دەستووریی مووچەخۆرانە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە کاری هاوبەش بۆ کۆتاییهێنان بەم کێشەیە، کە بەداخەوە، کاریگەریی زۆر خراپی کردووەتە سەر بژێوی و بارودۆخی ژیانی مووچەخۆران و هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و ئەم بابەتەش، کاری لێپێشینە و ئێستای حکومەتە و لەم پێناوەشدا، لە کاری بەردەوامدایە بۆ چارەسەرکردنی.